سروود… نەوزاد بەندی

بە دەست ..بە بیر ..بە بێداریی
هەڵمەت ئەبەین بۆ ڕزگاریی ..

هیواکان ئەڕوێنینەوە ..
هەڵۆکان ئەهێنینەوە ..

چەکی باوەڕ ئەکەینە شان
مەرگ بۆ نیشتمانفرۆشان ..

بە دەست ..بە بیر.. بە بێداری
هەڵکەین مەشخەڵی ڕزگاریی

ئێمە زۆرینەی بێدەنگین
خاوەن هەڵوێست و بێڕەنگین ..

لە بێدەنگیی ئەچینە دەر
لە بێڕەنگیی ئەچینە دەر

چونکە هیوای گەل فرۆشرا
میللەت بۆ بێگانە دۆشرا

بە دەست ..بە بیر .. بە بێداریی
ئەبین بە خۆری ڕزگاریی

خوێنی ئەنفال هەر ئەچۆڕێ
تاوانە نەیەینە گۆڕێ ..
وا به چاوی سەر ئەبینین
تابێ ئەم خەڵکە ئەدۆڕێ ..

هەر پەیامی گەل ، پەیامە ..
ئەبێ بگا وەکو نامە ..
چونکە داهاتووی تاریکە ،
هەر میللەتێ بێ بەرنامە ..

تەماشا کەن بە چاوی سەر
چۆن زێڕی خاک ئەبرێتە دەر
ئەوان ه□زاریی ئەڕوێنن ..

بۆيە ئەبێ شكست بێنن ..

ڕازى نابين بەم حاڵەوە ..
بێخەم بڕۆينە ماڵەوە ..
دەنگى ميللەت زوڵاڵ نەبێ
ڕزگار بوونى مەحاڵ ئەبێ ..

بە دەست ..به بير .. بە بێداريى
كۆتايى دێ ستەمكاريى ..

ــــ نەوزاد بەندى ــــــ